# فیدراسیۆنی پەنابەران چاوی لەئیوەیە، کۆمەك وهاوکاری پێبکەن!

## پەنابەران ، ئازادی خوازان،

## رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی یەکان

فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی بۆ بەدەستهینان و دابینکردنی فراوانترین مافە ئینسان یەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی ،لەپێناو کەم کردنەوەی هەرچی زیاتری رەنج و باشکردنی ژیانی پەنابەران و بەهرمەند بوونیان لەژیانێکی باشترو ئینسانی، بەدەنگەوە چوونی هەزاران ئینسان ،داکۆکی کردن لەمافو حورمەتی ئینسانیان و ریگەگرتن لە دیپۆرتکردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی کورد لە ئاستێکی فراواندا بۆ قبولّکردنی پەنابەران سەدان کەمپینی بەرێخستووە و پشتیوانی جیهانی بەدەستهیناوە تا پێك هینانی بەرەی بەهیز دژ بە بریارەکانی ئەم وولاتانە بۆ ناردنەوەی پەنابەران بەرپاکردوە بەهەولّ هیمەت و ماندووبونێکی بیّ ووچان تا لە هەنگاوی یەکەمدا فریای ژیانی دەیان پەنابەری کورد بکەوێت هاوکاری پشتیوانیان بکات بەدەر لە روانگەو ئامانج و ئایدۆلۆژی و دینو قەومیت و نەژادێك ..

زۆرێك لەئێمە بەهەر نرخێك خۆمان گەیاندۆتە دەرەوە ، لەو رێگەیەدا دەیان ئازارو نارحەتیمان چیشتووە ،چەند هاوریّ و ئازیزو خۆشەویستانمان لەریگاکانی یوونان و تورکیاو ئیران ئیتالیادا ..لەدەستداوە بە ئومیدی بەهرەمەند بوون لە ژیانێکی شایستە بە ئینسان ،ئەم هەموو زەخت و فشارە تا لە مافی پەنابەری بەهرمەند بین.

فیدراسیۆن دەنگی هەموو پەنابەرانی نارازی یە ،رەنج و خەباتی رێکخراوەی ئێوەیە لەپێناو بەرگری کردن لەبەها ئینسانی یەکان بۆ مافی نیشتەجی بوون ،پوچەڵکردنەوەی سیاسەتی دژ پەنابەری پیداگری دەکات ،دژ بەسیاسەتی نەژاد پەرستانە و جیاکاری..

جیگەی خۆیەتی بە هەموو توانایەوەکەوە ئەم سەنگەرە بەهیز بکەین ،کۆمەکی مالی پیّ بکەین ،لەوبارەیەوە فیدراسیۆن کەمپینێکی فراوانی مالی راگەیاندوە تا بتوانێت کارو چالاکی و هەڵسورانەکانی ئەم رێکخراوەیە پتەوتر بکەین .

داواکارین بەهەریگایەك پێتان دەکرێت کۆمەکی ئەم رێکخراوەیە بکەن دەست بەدەست سندوقی کۆمەکی بۆ بگێرن بە هانای پەنابەرانەوە بین لەدلەراوەکی گەرانەوە کە نیگەرانی خستۆتە دڵی هەزاران ئینسانی پەنابەری کوردستان ، ژیان و چارەنووس و سەرچاوەی ژیانی دەیان خیزانی پێوە پەیوەستە لەکوردستان کۆمەکی پێبکەن بەهیزی بکەن تا بەخەباتی شارستانیانەوە و یەکگرتووی بەر بەم هەڵومەرجە نالەبارە بگرین کە بەرۆکی بە پەنابەران گرتووە.

پەنابەرانی کورد وعیراقی لەم دنیای سەختەو لەبەرامبەر پەلامارو هیرشەکانی دەولەتانی ئەوروپا بۆگیرانەوەی پەنابەران بۆنیو دۆزەخی عیراق، تەنها سەنگەری فیدراسیۆنیان هەیە کەلیبراوانە داکۆکی لەمافی پەنابەران دەکاو تیدەکۆشیت بۆ بەرەسمیەت ناسینی داوای مافی پەنابەریتیان، با بەهەموو تواناوە ئەم سەنگەرە بەهیزبکەین، با بە هەموومان بەهەر رادەیەك ولەهەر ئاستیکدا دەتوانین کۆمەکی پی بکەین، فیدراسیۆن هیچ سەرچاوەیەکی مالی و داهاتی نییە جگەلەوەی کەچاوی بریوەتە کۆمەك و یارمەتی ئەندامان و خەلکی ئازادیخواز و پەنابەران بۆدابینکردنی پیداویستی‌یەکانی خۆی و راپەراندنی کاروبارەکانی.

ئیمە دەزانین نەبوونی و ژیانی دەست کورتی حالەتی بژیوی ئاسایی پەنابەرانە، بەلام هەرئاستیك لەکۆمەك کردن بەفیدراسیۆن، تەنانەت ئەگەر زۆر کەم وبچوکیش بێت، ئەتوانی کۆمەك بکات بەگۆشەیەك لەکاروبارەکانی فیدراسیۆن. بۆیە داواتان لیدەکەین دریخی مەکەن و ئەوەی لەتواناتاندایە کۆمەك ویارمەتی بەفیدراسیۆن بکەن. بیگومان پشتیوانی و کۆمەك ویارمەتی هەزاران ئینسانی پەنابەر بەریکخراوەکەیان، ئەتوانی بزووتنەوەی ئیمە بەهیز تر و کاریگەرتر بهێنێتە مەیدانەوە..

**کۆمەکی مالیمان پێبکەن ، دەتوانن کۆمەکەکانتان بەم ژمارە حسابە رەوانە بکەن**

**Lloyds TSB Bank**

**MR BURHAN A FATAH Account Number: 77-19-01. Sort code: 43116868.**

**شادو سەکەوتووبن**

**دەشتی جەمال**

-2006-11-6 ئەدرەس پۆستی_POBOX1575,ILFORD,IG13BZ,LONDON,UK